وەزارەتی نەوت: ئەپێك+ تا مانگی حوزەیرانی داهاتوو سیاسەتی بەرهەمهێنان ناگۆڕێت

ئەمە چوارشەممە، وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند: هاوپێمانی ئۆپێك+ ڕێککەوتن لەسەر ئۆوەی تا مانگی حوزەیرانی داهاتوو سیاسەتی بەرهەمهێنان نەگۆڕێت.

وتەبێژی وەزارەت عاسم جیهاد، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: کەبوونەوەی وەزاری بە چاودێریکردنی بەرهەمهێنان لە ئۆپیك و ئۆپێك پڵس (53)، بەیاریدا پێشنیاری پاراستنی ئاستی بەرهەمهێنان بکات کە لە کەبوونەوەی پێشوودا پەسەندکرابوو تا مانگی حوزەیرانی داهاتوو بەبێ گۆڕانکاری.

جیهاد ئاماژەی بەوەشکرد: جەگری سەرۆك وەزیران بە کاروباری وزە و وەزیری نەوت حەیان عەبدولغەنی، بەشداری لە کەبوونەوەی وەزاری کردووە بە چاودێریکردنی بەرهەمهێنان لە ڕەگەی تەکنەلۆژیای ڤیدیۆیی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنەکە بە بەشداری بەڕێوەبەری گشتی کەمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (SOMO) عەمار عەنبەکی کە نوێنەرایەتی عێراقی کردووە لە ڕێکخراوەکەدا.

هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە جێخت لەسەر گرنگی پاراستنی ئاستی بەرهەمهێنانی پێشتر دامەزراو کراوەتەوە، ئەمە جگە لە پابەندبوونی وڵاتانی ئەندام لەپێناو بەدەستهێنانی سەقامگیری و هاوسەنگی زیاتر لە بازاڕی جیهانییەکان.

ڕاشیگەیاند: ئەنجومەن بەیاریدا کەبوونەوەی داهاتووی خۆی لە 1ی حوزەیرانی 2024 ئەنجام بدات.